درێژەی لاپەڕەی 3

...ساڵانێك بەر لە ئێستە ئەوان لە شوناسی خۆیان نامۆبوون و ئەوەی پەیوەندی بە نەتەوەی کورد بووە لای وان قەدەخەبووە. هەر لە زمانەوە بگرە تا کوولتور و نەریتی نەتەوەیی، کەچی ئێستا لە سایەی خەبات و ماندووبوونێك کە خەڵکی بەشەرەف و ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە تورکیا و سوریا کردوویانە بارودۆخەکە زۆر زۆر فەرقی کردووە. کورد لە شوناسی نەتەوەیی خوەی وشیار بۆتەوە و دەسەڵاتی ناچار کردووە کە لە بەشێك لەو سیاسەتانەی کە لەسەر کورد جێبەجێی دەکات پاشگەز بێتەوە و دان بە بوونی نەوتەوەیەك بە ناوی کورددا بنێت، تەلەفزیۆن بە زمانی کوردی بەرنامە بلاوبکاتەوە و تەنانەت لە زانکۆکاندا وانەی کوردی هەبێت. ئەبێ ئەوەشمان لە بیر بێت کاتێك سیاسەتی دەسەڵاتی زاڵ مەبەستی لەناوبردنی کولتوور و شوناسی نەتەوەیی کورد بێت ئەوا کورد و حیزبە کوردییەکانیش لەسەریانە لەو ڕێگەیەوە رووبەڕووی ببنەوە، ئەگەر مەبەستی کوشتن و لە بەین بردنی فیزیکی بێت ئەوا کوردیش لەسەریەتی بەرپەرچی بداتەوە. چوون هەر لە مێژەوە گوتوویانە وەڵامی گوللە بە گوللە دەدرێتەوە و وەڵامی گوڵ بە گوڵ. بەگشتی پێم وایە ئایندەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان چاکتر نەبێ خراپتر نابێت. بەڵام ئەوەشمان لە بیر بێت هیچکات جۆری چارەسەرکردنی دۆزی کورد و ئاستی چارەسەرکردنی لە هەر پارچەیەکدا وەك پارچەیەکی تر نابێت.

ئەمما لەسەر ئەو پلانانەی کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا و چۆنێتی رووبەڕووبوونەوە لەبەرامبەریاندا ئەبێ بڵێم پرێسپێکتیڤ زۆرن، بۆ نموونە باشووری کوردستان فەزایەکی زۆر باش و تریبۆنێکی زۆر ئاوەڵایە بۆ ئەوەی کێشەکانی کورد لەوێ بەگوێی جیهانیاندا بگات، لەپاڵ ئەوەشدا ئەبێ ئەو واقعییەتەشمان لە بەرچاو بێت کە ئەمنییەتی باشوری کوردستانیش ئەبێ بپارێزرێ و ئەوەی کە ئەم پارچەیە ببێ بە تریبۆنێك بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان، نەبێ بەهۆی خستنەمەترسی ئەمنییەتی ئەوێ. هەروەها کوردەکانی ئوروپا و ئەو کەسایەتیە کوردانەی کە لە جیهاندا خاوەن پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتدن دەتوانن بە نۆرەی خوەیان وەك تاکێکی کورد ببن بە نوێنەری کورد و بە پێ ی توانایی و ئاستی پەیوەندییەکانیان یارمەتی دۆزی کورد بدەن لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا. ڕێپێوانی ئاشتیخوازانە و خەباتی مەدەنی پێشکەوتووترین ڕێگەی دەربڕینی نارەزایەتی و وەرگرتنی هەڵوێستە بەرامبەر ئەو پلانانەی کە لەسەر پارچە جیاجیاکانی کوردستان جێبەجێ دەکرێت کە بەداخەوە هێشتا ئەم خاڵە بەپێ ی پێویست لە ناو کورددا دامەزراوەیی نەبووە.

**حەمرین:** حزبە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو زۆر چاودێری سیاسی تر ئاماژەی بۆ دەکەن هەمان جۆشی ساڵانی رابردویان پێوە دیار نیە لەخەبات کردن وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کوردا و زۆر جاریش بەوە تاوانبار دەکرێن کە زۆربەی سیاسیەکانی ئەو حزبانە لەباشوری کوردستان خەریکی ژیانی ئاسایی خۆیانن ئەمە تا چەند وایە؟

**مۆحسێن باوەجانی:** بە بروای من ئەبێ مەبەست لە جۆش و خرۆشی ساڵانی رابردوو پێناسە بکرێت، بۆ نموونە لەوانەیە هەندێك کەس جۆش و خرۆش لە خەباتی چەکدارانەدا ببینێت و ئێستا کە حیزبەکان بە زۆری ڕێبازی خەباتیان گۆڕیوە و روویان هێناوەتە خەباتی سیاسی و راگەیاندنی، لای ئەوان وا پێناسە بکرێت کە جۆش و خرۆشیان نەماوە. لە راستیدا ئەمە بۆچوونێکی سەقەتە. چوونکو هەڵبژاردن و وەلانانی جۆرێك لە ڕێبازی خەبات گرێدراوی زۆر هۆکاری جیاواز و هەندێك جار پەیوەندیدار بەیەکەوەن کە بەواتای لە جۆش و خرۆش کەوتن و کەوتنە جۆش وخرۆشەوە نییە. بۆ نموونە هەنووکە کە حیزبەکان ئۆبژەکتیڤ خەباتی سیاسی و راگەیاندنی دەکەن و لەراستیدا بە پێ ی توانایی و ئیمکانات، فرەش چالاکن, ئەمە ناکرێ تەنیا لەو روانگەوە سەیر بکرێت کە داسەپاو بووە، چوونکو هەڵبژاردنی ئەم ڕێچکەیە دەکرێ وەك جەبرێکی جیهانی لێ ی بڕوانین، مەبەستم لە جەبر, بەزۆر داسەپاندنی خواستەیەك نییە بەڵکو هەلومەرجی جیهانی وا دەکات تۆ ڕێگەت بگۆری. وەك ئاماژەم پێدا کۆمەڵگەی کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان لە ڕووی خەباتە مەدەنییەکانەوە زۆر پێشکەوتووە و ئەمە پایەی دامەزراوەیی کردنی دیموکراسییە. کاتێك ئەم بیرۆکەیە دامەزراوەیی دەبێت بێگومان چەك و کردەوەی چەکداریش لە هەر لایەکەوە بێت رەت دەکاتەوە. بۆیە لەم روانگەوە من ئەو بۆچوونەم لا راست نییە و پێم وایە تەنیا جۆری خەبات گۆڕاوە و ڕەنگی جۆش و خرۆشەکەش بە هەمان شێوە.

بەڵام بەشی دیکەشی ئەوەیە کە بەڕاستی تەمەنی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە شێوەی ئێستەکانەی چیتر بەسەرچووە و تەنانەت لە

> **و من پێم وایە ئەو مەترسییانەی لە دەرەوەی سنوری ئێراقەوە بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە هەیە نەتەنیا لە فۆرم و شێوە وەك رابردوو نەماون, بەڵکو کارتێکەریشان وەك جاران نییە , ئەمما گرنگ ئەوەیە کە مەترسی هەمیشە هەیە**

تەمەنی حوکوومەتی ئیسلامی ئێرانیش زۆرترە و چوون تا ئێستا نەگەیشتووە بەوەی ویستوویەتی، جۆرێك لە ناهومێدی دروست کردوە کە لە پشتیوانی کردنی دوو حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بانگەشەی کردنیان بۆ بەشداریکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارییدا زۆر ئاشکرایە. کێشەی نێوان حیزبەکان و کێشە ناوخۆییەکانی حیزبەکان بەشێکی زۆر لە وزە و دینامیکیانی راکێشی خوەی کردوە، بە هۆی جیاجیا بەڵام بە دروشمی نوێگرایی و پاوانکردنی دەسەڵات، ئینشیعاب و جیابوونەوە روویداوە و ئەمەش شتێکی ئاساییە. چوونکو هەمان کێشەش لە حوکوومەتی ئیسلامی ئێراندا چەندین جار روویداوە و دوا جاریش لە دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری نوێ لەساڵی پار روویدا، وە ئەمە لە زۆر وڵاتی دیکەش هەیە، بەڵام مەسەلە لێرەدایە کە ئەوان حوکوومەتن و ئۆپۆزیسیۆن هێشتا حیزبە و پێگە و جێگەشی زۆر خز و لەرزۆکە و بۆیەش کێشەکان کە رووبەڕوویان دەبێتەوە کاریگەریی زۆرتریان لەسەر دادەنێت. هەروەها ئەوەش لە بیرنەکەین کە کولتورێك لە ئێمەی کورددا زۆر بەرجستەیە, ئەویش دابڕانە نەك پێکەوە بوون. بۆیەش لە دەرکەوتنی هەر کێشەیەکدا ئاسانترین ڕێگە هەڵدەبژێرین واتە دوورکەوتنەوە لە یەکتر و ئەمەش لە رووی دەروونییەوە هۆیەکی ئینشیعابەکانە. لەسەر ئەوەش کە بەڕێزتان دەڵێن کە زۆربەی سیاسییەکانی حیزبەکان ژیانی ئاسایی خوەیان دەکەن بەلای منەوە زۆر نامۆیە. ئەمما ئەو پرسیاریش ئاراستەی ئێوە دەکەم کە بەراستی کێین ئەوانەی کە ئەوە دەڵێن؟ جا کەوابێ ئەبێ لەوەش بیربکەینەوە کە حیزبە کوردییەکان چۆن چۆنی بەڕێوەدەچن و تا هەنووکە چۆن هاتوون؟

**حەمرین:** لەم ساڵانەی دوایدا پژاك وەکو بزاڤێکی سیاسی عەسکەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرکەوتە مەیدان و لەئێستاشدا ئەوەی لەمێدیاکاندا دەیبینین ئەوانن کە درێژە بە خەباتی عەسکەری و سیاسی دەدەن، لێرەدا حەز ئەکەم پرسیارەکەم چڕ بکەمەوە ئایا ئەو خەباتە عەسکەریە بەزیانی بەرەوپێشڤەچوونی دۆزی کورد ئەشکێتەوە یان بەپێچەوانەوە؟

**مۆحسێن باوەجانی:** لە پرسیارەکەتاندا باسی میدیاتان کرد و ئاماژەتان بۆ رۆلی ئەو کرد لە نیشاندانی خەباتی جەریانێکی وەك پژاکدا. دەمەوێ تەنیا ئەوە بڵێم کە دیارە نەك ئێوە بەڵکو بە سەدان هەزار کەس لە کوردستان و میلیۆنان کەس لە جیهان, گوێدار و گوێبیستی میدیاکانن تا ئۆبژەکتیڤ کردار و جۆری چالاکی کردنی جەریان، حیزب یا دەوڵەتێك لێکبدەنەوە. وەك بەڕێزیشتان ئاماژەتان پێدا تەنیا لە میدیادا دیارە کە پژاکیش وەك واقیعێك بەجۆرێك لە جۆرەکان چالاکی دەنوێنێت. ئەمما بە هۆگەلێك کە لای وڵاتانی ڕۆژئاوایی و دیسکۆرسی ئێستای جیهان قەبووڵ دەکرێت کەوتۆتە ناو لیستی رەشی ئامریکاوە. بەهەر حاڵ من پێم وایە هەر جەریان و حیزبێك کە لەسەر خەباتی چەکدارانە و توندوتیژ پێداگر بێ نە کە ناتوانێ قازانجێکی بۆپێشەوەبردنی دۆزی کورد هەبێ, بەڵکو ئاڵۆزتری دەکات و ڕاست ئەوە دەکات کە حوکوومەتی ئیسلامی ئێران دەیهەوێت. ئەوان ئەیانەوێ خوەرئاوای ئێران واتە خوەرهەڵاتی کوردستان بەردەوام کێشەی هەبێ و نائەمن بێت، بەرژەوەندی سیستمی تازە دەرکەوتووی ملیتاریستی لە ئێران لە نائەمن بوونی ناوچەکەدایە، هەر ئەو نائەمنییەش دەستاوێزێکە بۆ ئەوان کە کوردستان ملیتاریزە بکەن و لە پێشکەوتنە پیشەییەکان بێ بەش بکرێت و سنوری هاوبەشی ئێران دەگەڵ ئێراق وتورکیا بەتوندی کۆنترۆڵ بکەن. کاتی خوەی دیموکرات و کۆمەڵە دەستیاوێزی ئەو نائەمنییە بوون و ئێستاش جەریانی تر. ئەو دەستاوێزە ڕێگە خۆشکەرە بۆ گوشاری زۆرتر بۆ سەر خەڵك، دەتوانم ئاماژە بدەمە داخستنی ئەو رۆژنامانەی بە کوردی بلاودەکرانەوە و ئێمە شایەتی ئەوانە بووین و هەین. گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی بۆ خەباتی مەدەنی تەنگتر دەکرێت و بەڕاستی پەرەدان بەخەباتی چەکدارانە لە کوردستان هەنگاوێکە بۆ دواوە, چوونکو ئەو جۆری خەباتە تەجرەبە کراوە و لە بەرامبەر حوکوومەتی ئیسلامی ئێراندا وەڵامدەر نەبووە. وە لەیەك دێردا خەباتی چەکداری لەم قۆناغەدا ئاماژە بەوەیە کە نایەوێ دۆزی کورد چارەسەر بکرێت.

**حەمرین:** وەك دەزانرێت ئێران یەکێکە لەو دەوڵەتانەی کە زۆرترین ئیعدامی تێدا دەکرێت دیارە چالاکوانانی کوردیش لەم چەند مانگەی رابردو ژمارەیەکی زۆر لەسێدارە دراون و ژمارەیەکی بەرچاوی تریش لەزیندانەکانی ئێراندان و چاوەڕوانی لەسێدارەدانن بۆ حزبە کوردیەکان بەتایبەت لەئاست ئەو شاڵاوەە ئیعدامکردنەدا بێ دەنگن؟.

**مۆحسێن باوەجانی:** بێگومان رەوتی ئیعدام و بێ دەنگ کردنی نارازییانی سیستەم, کە بۆ کۆنترۆڵی زۆرتری کۆمەڵگە جێبەجێ دەکرێت، کردەوەیەکی تازە نییە و لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران و دواتر بە دەسەڵات گەیشتنی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران تا ئێستا بەردەوامە و کوردیش بەو هۆیەی کە هەمیشە ماف خوەی ویستووە و خەباتی بۆ کردوە و لەو بوارەدا لە ئاست ئێراندا زۆر چالاك بووە, کەوتۆتە بەر ئەم شاڵاوەی ئیعدام و تۆقاندنە. سزای ئیعدام ئەمرێکی واقیعە لە یاسای بنەڕەتی سیستمی ئیسلامی ئێراندا و تاکاتێك خەبات دژ بە لابردنی ئەو یاسایە نەکرێت ئیعدام هەر وەك خوەی بەردەوامە, ئێستا ئیعدامی چالاکڤانێکی سیاسی بێت یا تاوانبارێکی کۆمەڵایەتی و گەندەڵێکی ئابووری, ئەو کەسە کورد، فارس، بەلوچ... یا هەر نەتەوەیەکی دیکە بێت، سوننە بێ یا شێعە و...تاد. گرنگ نەفسی سزاکەیە کە مەحکومە. ئەمما لە دوو ساڵ پێش تا دوو مانگ بەری ئێستا لە رووی سیاسییەوە, تەنیا شەهید ئیحسانی فەتاحییان وەکو کوردێك لە سێدارە دراوە و بەداخەوە کەسانی دیکەش هەیە کە تا ئێستا چاوەڕێی جێبەجێ کردنی ئەو سزایە دەکەن و هێشتا چارەنووسیان نادیارە. وەك شایەتیش بوون چوار کەسی دیکە لە تێکۆشەرانی سیاسی کورد چەند هەفتە پێش ئێستا لە سێدارەدران و ئەمەش جێ داخ و ئەسەفێکی زۆرە. ئەمما بە بۆچوونی من بێ دەنگی بەرامبەر بەو شاڵاوە هەست پێنەکراوە و بە پێچەوانەوە جگە لە هەوڵی حیزبەکان بۆ بەرجستەتر کردنی ئەو شاڵاوە و گەیاندنی بە گوێ ی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکاندا، ئێمە شایەتی ڕێپێوانی نارەزایەتی چالاکوانانیش بووین کە بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەو سزایانە بەڕێوەچوون و هەڵوێستی شارستانی و مانگرتنی سەراسەری کورد لە خوەرهەڵاتی کوردستان ڕەنگدانەوەی زۆری هەبووە.

**حەمرین:** بەرای بەڕێزت کاتی ئەوە نەهاتوە حزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێت خیتابیان یەك بخەن و یەك هەڵوێست بن؟

**مۆحسێن باوەجانی:** من پیم وایە زۆر زۆر دێریش بووە. دەمێکە خەڵك چاوەڕوانی یەك هەڵوێستی دەکات، چوون لانیکەم ئەگەر لەهەر شتێکدا ناکۆکیمان هەبێ لەوەدا کۆکین کە دوژمنێکی هاوبەشیان هەیە و ئەمەش سەرووی هەموو شتێکە. من لە شوێنێکی دیکەشدا ئاماژەم بەوەداوە کە بەڕاستی ئەگەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە گشتیی، یا زۆرینەی حیزبەکان پێکەوە نەتوانن یەکدەنگییەك دروست بکەن ئێستا لەهەر چوارچێوە و فۆرمێکدا بێت, شك و گومان لەوەدا نەکەن کە بارودۆخیان زۆر خراپ دەبێت و ڕەنگە ئۆبژەکتیڤ لە ساحەی سیاسیی ئێران و خوەرهەڵاتی کوردستان وەلابنرێن و بۆ هەمیشە بێ دەنگ بن. هەر بۆیەش چیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بۆ ئامانجێکی گشتیی تر وردە ئامانجە حیزبییەکان وەلا بنرێن و ئەو بەناو لەیەك تێنەگەیشتنە بۆ هەمیشە تەواو بێت. ئێمە وەك یەکێتی دیموکراتی کوردستان هەوڵ ئەدەین و ئاواتەخوازین ئەمساڵ ساڵی یەك هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بێت، چوونکو پێم وایە ئەوە داخوازییەکی زۆر نییە کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە حیزبەکانی ئەوێت ◻

**بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری حەمرین/ ژمارە 6**

# ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی دەبێ سیاسەتی بنوارە و چاوەڕوانبە وەلابنێ !

ن : شۆڕش گوڵکار

کۆماری ئیسلامی ئێران چوونکە بە درێژایی تەمەنی بۆ چرکە ساتێکیش رانەوەستاوە لە پێشێلکردنی ئازادیە دیموکراتیەکان و سەرکوتی بێ بەزەیانەی ئازادیخوازانی ماف ویست, هەروەها بەردەوام گەرووی خەڵکی ئێران دەگووشێ و بەرەو خنکانی دەبا، بەجۆرێك کە بە هاسانی هەستی پێ دەکرێ, وای لێ هاتووە کە هەنووکە بە رژێمێکی سەرەڕۆ ناسراوە و بەردەوام نێوی لە سەر زارانە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیدا.

جێگای ئاماژەیە بەشێکی دیکەی ئەم بە ناوبانگیەش ئەوەیە کە وەکوو دایکی تیرۆریزمی نێونەتەوەی دێتە ناساندن, ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نیزامی ولایەتی فەقی لە سەردەمی بەدەسەڵات گەیشتنیدا، واتە لە ساڵی 1978ی زایینی تا هەنووکە بێ پسانەوەو بەردەوام خەریکی لە ناوبردنی گەلێك لە دژبەرانی خۆی لە ناوەوە و دەرەوەی سنورەکانیەوە بووە و ئەم ترس و تۆقاندن و تێرۆرکردنەشی بە باشترین چەك زانیوە بۆ پاراستنی خۆی، چوونکە دەسەڵاتدارانی جەماران ئەوە بە چاکی دەزانن کە ناتوانن وەڵامی داخوازی و ویستی خەڵك بدەنەوە, بۆیە ئەو کارانەش دەکەن تا خەڵکی چاوترسێن کەن و چیدی دژبەران لە کاژێری ژوورەکان زیارتر، کەشی خەبات و تێکۆشانیان نەبێ, هەروەها هەوڵدەدەن مرۆڤگەلێك پەروەردە بکەن خۆیانیان لە بیرکردبێ و گوێ لە مست بن وەکوو مردوویەکی زیندوو بن, ئیدی هێزی بیرکردنەوەی نەبێ, هەر ئەمەش وای کردووە کە وڵات هەنگاو لە نێو ڕێگایەکی دژوار و پڕ لە هەوراز و نشێو بنێ و چاوەڕۆانی داهاتوویەکی لێڵ و تاریك بێ.

بۆیە بەڕاستی لە وەها کەش و هەوایەکدا ئەرکێکی قورس و گران دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینەی دەرەوەی وڵات کە بەر لە هەموو شتێك بە تەواوی هێزیەوە تێبکۆشێ کە ئەو کوولتورە تێك بشکێنێ و وەلای بنێ کە پێ فێرکراوین بە پێخواسی و چاونووقاوی بە دوای وەهم و تراویلکەدا ڕابکەین و گوێ لە هیچ نەگرین تاکوو سەرمان لە دیوار بدات, ئینجا بە خۆبینەوە بڕوابکەین دیوارێك لە سەر ڕێگەکەمان بووە, بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ کەڵك لە سیاسەتی فێربوون و ئەزموون وەرگرتن لە ڕابردوو و بە کارهێنانی لە ئەمرۆدا بین, تاکوو سیستمی دەسەڵاتدار فێر بکەین کە زەوت کردنی ئازادی نرخی گرانە .

بۆ هاتنەدی ئەم ئامانجەش دەبێ چیدی ئۆپۆزیسیۆن بێ دەنگ و پەککەوتە نەبێ و سیاسەتی چاوەڕوانیش بە کار نەبەن, چوونکە هەر چی ئۆپۆزیسیۆن بێ جم و جووڵتر بێ، ڕژێمیش یان باشتر بڵێین باندە مافیایەکانی بەیتی ڕێبەری سوورتر و قایمتر دەبێ لە سەر بەڕێ کردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەکان, چوونکە ئەم تێۆریە لە لایەن خومەینی ڕێبەر و داهێنەری کۆماری ئیسلامی دارێژراوە و تا ئێستاشی لەسەر بێ باوڕی قوڵیان پێیەتی و هەروەها بەشێکی دانەبڕاوی سیاسەتی دەرەوەیانە, چوونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەم تێۆریە بە بناخە و هۆکاری مانەوەی حوکوومەتەکەیان دەزانن .

بۆیە, بە پێڕەوکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە سیاسەتی بنوارە و چاوەڕوانبە, ئەمان گۆڕەپانەکەیان بۆ ئاوەڵەتر دەبێ , چوونکە کونترۆڵ و سنور و چاودێرییەکیان لەسەر نییە .